www.kungfutoa.ch/ayub.rahmani



ئەیوب ڕەحمانی
rahmayub@yahoo.de

# با بە تاڵان بردنی ئاسەوارە مێژویەکان لە کوردستان ڕسوا و بنبڕ کەین و ناسینی چەند کەسێک لە ناوەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

ڕۆژ نیە لێرە و لەوێ یا لەم و لەو نەبیستین، یا خۆ لە شوێنێک هەواڵێک لەم بارەوە نەخوێنینەوە کە ئەوا داگیر کەرانی کوردستان لە کوردستان خەریکن ئاسەوارە مێژویەکانی ئەم نەتەوە لە ژێر عەرزەکان دەر دێنن و بە شێوەیکی زۆر موغریزانە و ناشیرینانە بە کەرەستەی ماشینی گەورە وەک بۆڵدزێر و لۆدێر و ئەتڵەس دەکەونە گیان ئەم شوێنە مێژویانە و بە بەهانەی خاوین کردنەوە لە مین!!، کە بە قەد سەرە دەرزییێک ڕاستی تێدا نیە، تاڵان و پاشانیش وێرانی دەکەن! دیارە هەمو کەس ئاگادارە کە ئاسەواری مێژویی بەم کەرەستە ماشینیانە دەر نایەن، بەڵکو بە کەرەستەی زۆر سادە و هاکەزایی و بە دەست و بە شێوەیکی زۆر ماهیرانە و بە دیقەتێکی زۆرەوە و بە ساخی دەر دەهێنرێن، بۆ ئەوەی کە خراپ نەبن و دواتر بە کەڵکی لێکۆڵینەوە بێن. بەڵام هەر وەک دەزانین مەبەستی داگیر کەران لەم کارانەیان نە تەنیا لێکۆڵینەوە و پاراستنی نیە بەڵکو بە تاڵان بردن و دوایی ئەوەی بە کەڵکیان نەهات و بە کەڵکی تاڵان نەما ئەوجار دەیڕوخێنن و تێکیدەدەن و بۆ هەمیشە ناوی خامۆش دەکەن و هیچ کەسیش ناتوانێت دواتر لەم ئاسەوارانە بکۆڵێتەوە و مێژوی گەڵی کورد هەروا بە غەڵەت بەو شێوەی تا ئێستا باویان کردوە، دەرخوارد هەمومان دەدرێن، واتە ئەو مێژوە نادروستانە کە دەسەڵاتدارەکان باویان پێداوە دەمێننەوە و ڕاستیەکان بۆ هەمیشە کوێر دەبێتەوە، بە داخەوە!

لەم بارەوە هەواڵێکم لە ماڵپەری تەرەغە وەرگرتوە کە ڕێک و پێک بەم شێوەی خوارەوە لە بڕواری 08.07.2007، بڵاو کراوەتەوە کە بۆکان لەوێ نوسیویەتی:

لە گوندی "لکبن" تالانچییەکانی سەر بە سوپای پاسداران خەریکی تاڵانی شوێنەواری مێژووین!

کوردستانو کورد: تاقمێک لە دزانو تاڵانکەرانی ڕێژیم (سەر بە سوپای پاسداران) بە ئاشکراو لەبەر چاوی جەماوەرو بە بیانووی پاک کردنەوەی ئەم تەپۆڵکە لە مین، شوێنەوارە مێژوویەیەکانی تەپەی باستانیی "لکبن" یان بە تاڵان بردوە. هەر ئێستا چەند دەزگا بولدزێر بە ئارمی ڕەسمی سوپای پاستارانەوە، خاکی ئەم تەپۆڵکەیە بە ماشێن دەگوێزنەوە یەک کیلومیتریی ئەو تەپۆڵکەیەو لە بێژینگی دەدەن. جێی وەبیر هێنانەوەیە کە ساڵی رابردوو هەر لەم گردەدا چەند پارچە کەلوپەلی لەمێژینەو مومیاییەیەک لەلایەن خەڵکەوە دۆزرابۆوە کە پاش پێزانین ئێدارەی ئاساری باستانی دەستی بەسەردا دەگرێ.

لەو پێوەندییەدا گروپێک بە ناوی "لایەنگرانی ڕێکخراوی یادگارە مێژوویەکانی کورد" داوایان لە مێدیاکانو دڵسۆزانو ئۆگرانی شوێنەوارە مێژوییەکانی کوردستان کردوە لەم تاوانو تاڵانەی سوپای پاسداران بێدەنگ نەبنو پێش بە دزینی شوێنەوارە مێژوویییەکانی کوردستان بگرن.

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

**هێنانی خەتی ژێر لە هەواڵەکەدا لە منەوەیە!**

**ئەمە یەکێک لە تازەرین نمونەکانە لە هەزاران جار بە تاڵان بردنی ئاسەوارەکانی کوردستان. بە درێژایی تەمەنی داگیرکرانی نیشتمانی کورد، داگیرکەرەکان لە هەمو لایێکەوە خەریکی تاڵان کردنی کیانی کوردەکان بون و هەر ئێستاکەش ڕۆژ نیە هەواڵی بە تاڵان بردنی کانگا سروشتیەکانی نەوت، گاز، ئاڵتون، مس، ئۆرانیوم، ئالمینیوم، فسفۆڕ و زۆر شتی تر نەبیستین. ئا لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە کە ئایا کورد دەبێت ناوی ئەمە چی لێ بنێت؟ ئەمەیە تەبایی قەومە ئێرانیەکان، هەر وەک فارسە ڕۆشنفیکرەکان لە دەرەوەی وڵات باسی لێدەکەن و لە سەریشی سوێند دەخۆن؟ کورد کە ئێستا بە زۆر لەگەڵ ئەم قەومە دەژی، ئایا لە داهاتوشدا، ئەگەر ئازادییێک فەراهەم بێت، کوردەکان دەتوانن هەروا درێژە بە هاوژیانی لە گەڵیاندا بدەن؟ ئایا هیچیان تیا هێشتۆتەوە و لە تام دەریان نەکردوە؟ ئایا ئەو هەمو وەعدە و بەڵێنە کە ئەمڕۆکە ڕۆشنفیکرە تەواویەتخوازەکان بە کوردی دەدەن،** 28 **ساڵ لەمە پێشیش ڕەوشەنفیکرەکانی ئەو سەردەمە بە کوردیان نەدا؟ ئایا خومەینی مەلایکەی شیعەکان دەستی لە منداڵی ناو بێشکەش هەڵگرت؟ ئایا هەر ئێستاکە و لە داهاتوشدا، ناسیونالیزم و شۆڤینیزمی گەلانی دەسەڵاتداری ئێران، کە ئەمڕۆکە** 100 **ئەوەندەی** 28 **ساڵ لەمەوبەر توندتر و ڤێزەونانەترە، ئیزن بە کورد و ئەوانیتر دەدەن کە لە ئاشتیدا بژین؟ ئایا ئەوان بەو ڕابردوە ڤێزەونەی کە هەیانە و چ لە کاتی دەسەڵاتی ڕەشی ڕەزا شادا و چ لە کاتی دەسەڵاتی ڕەشتری محەمەد شادا و چ لە کاتی دەسەڵاتی بەربەریەتی شێخیشدا بە میلیون جار ئیسباتیان کردوە کە ئاشتی خواز نین، دەبێت دوبارە بێین و پەیمانی ئاشتی لە گەڵ ئەم کەسانەدا کە ئاشتیخواز نین ببەستینەوە؟ ئایا دوبارە خەتاکان تەجروبە کەینەوە؟ ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە هەمو کوردێک، وەک مرۆڤ و وەک خاوەن ماف و خاوەن هەستی بەرپرسیارەتی دەبێت لە خۆی بکاتن و ئەم پرسیارە گرنگانە لە سەر شانی تاک تاکی کۆمەڵگای ئێمەدان. <u>کورد ئەگەر پێی وایە کە دەتوانێت لە سەر پەیمانی ئاشتی ئەوان حیساب بکات </u>و سبەی ڕۆژ دوبارە پەشیمان نابێتەوە، با بیکات، بەڵام کە وا نەبو و دوبارە** 30 **ساڵیتر،** 40 **ساڵی تر یا خۆ** 84 **ساڵی تر کۆیلەتی ئایا هەستی مرۆڤی ئازاد و سەربەست لە کورددا دەهێڵێت؟ من پێم وایە شکستی ئەم جارەی کورد بۆ هەتا هەتا دەبێت و جوبران ناکرێتەوە، بۆیە دەبێت کوردەکان خۆیان بە پەرۆشیەوە بن، ئێوە دەڵێن چی؟**

**دوێنێ** 13.07.2007 **لە کانالی ئاسمانی دەنگی ئەمریکا بابەتێک بە ناوی ناسیونالیزمی ئێرانی قسەی لە سەر دەکرا، بە ئەنقەست موجری یا خۆ مۆدێڕاتۆرە ئەسڵیەکان نەهاتبون، بۆ ئەوەی لێیان مەشکوک نەبن کە ئەوان بێ تەرەف نین، و ئاغای ئەجودانی مێژونوس کە داوەتی پرۆگرامەکە بو، لەم بەرنامە یەک سەعاتیەدا زیاتر لە سەد جار بە دەنگێکی نێر و ئەستور و ئیحساساتی دوپاتی دەکردەوە کە ئێرانیەکان بە فەرهەنگ و بە تەمەدون و بە ئەخلاقن، ناو براو جارێکیان وتی یونانیەکان لە دەورانی باستان یا کۆندا بە عیلم بە خۆیاندا دەنازن، ڕۆمیەکان بە قانون و یاسا بە خۆیان دەنازن و ئێرانیەکانیش بە فەرهەنگ و تەمەدون و ئەخلاقی جوان بە خۆیاندا دەنازن!**

**کێ پێی ناخۆشە کە ئێرانیەکان بە ئەخلاق بن یا بە ئەخلاقن، نە تەنیا کەس پێی ناخۆش نیە بەڵکو زۆریش بە قازانجە بۆ هەمولایێک و بۆ مرۆڤایەتیش، بەڵام خۆتان قەزاوەت بکەن و تکایە بۆ منیشی ڕون بکەنەوە کە**

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

ئەوان باس لە کامە ئەخلاق و ڕەوشت و فەرهەنگ و تەمەدون دەکەن؟ بە لە سێدارە دانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی کە خۆیان تەسلیم کردبووە و بە ئەسیری کوشتیانن چونکو داوای مافی گەلەکەیان کردبو؟ یا بە کوشتنی شوانە سەید قادر بەو شێوە ناشیرینە کە پێرار کردیان، یا بە تیرۆر و تیربارانەکان و تاک و کۆمەڵ کوژیەکانی ڕابردو و کۆنی کوردەکان، یاخۆ بە تاڵان بردن و گوم و گۆڕ کردنی ئاسەوارە مێژویەکانی گەلی کوردستان و هەزاران نمونەیتر!

دۆستێکی خۆشەویستم باسێکی لەمەڕ ئەم بابەتی بە تاڵان بردنانە بۆ کردم و سوریش بو لەسەر ئەوەی کە ئەم شتانە ڕاستن، جا نازانم کە ئایا بەڕاستی وایە یا خەیر، من لەم بارەوە قسە و باسێکم لە گەڵی کرد و ئەم کۆمەڵە ماڵوماتەی خوارەوەی دا بە من، دیارە ئەگەر کەسانێکیتر لەم مەوزوعانە ئاگادارن، تکایان لێدەکەم کە لەم بارەوە یارمەتیمان بدەن و یا ڕاستیەکان تەئید بکەن یا ئەوەی کە شتە ناڕاستەکانمان بۆ ڕاست بکەنەوە، بە تایبەت ناوی کەسەکان کە لەم نوسراوەدا هاتون، بۆیە هەر لە ئێستاوە سپاسی هاوکاریتان دەکەم. ئەڵبەت ئەگەر ئەو شتانەش لە سەر ئەم کەسانە ڕاست بێت، مەبەست لەم باسە تۆڵە سەندنەوە لەو کەسانە نیە، بەڵکو ناساندنیانە و لە دواڕۆژدا دەبێت بە شێوەێکی عادیلانە دادگایی بکرێن!

لە شاری سەقز لاوێکی کورد هەبو کە خەڵکی شارەکە بو و بە منداڵی، منداڵێکی بزێو و لە کاتی لاویەتیدا لات بو و خەڵکی شارەکە هەموی دەیانناسی و ناویان نابو حەمەی بەر گاراج! ئەم حەمەی بەر گاراجە کە وەزعی گیرفانی وەک هەمو لاوێکی تر زۆر خراپ بو دوای کاتی لاویەتی لە پڕ وەسایلی تایبەتی مین دۆزینەوە لە ژێر عەرز یا خۆ کەرەستەی دوزەرەوەی کەل و پەلی وەک زێڕ و ئاسن و مس و هەر جۆرە شتێکیتری لەم بابەتانەی بە شێوەێکی گومانلێکراو دەکەوێتە دەست و مەجموعەێک شوێن خۆی دەخات و دەکەونە ناو گوند و شاخە مێژویە ناسراوەکانی کوردستان و بە تایبەت ناچەکەی خۆی و دەور و بەری و لە هەر کوێێک ئاسەوارێکی مێژویی لێ بێت بە یارمەتی سپای پاسداران دەری دێنێت، و دوایی ئەم ئاسەوارە لە ژێر عەرز دەرهێنراوانە بێ سەر و شوێن دەکرێن. دوای ماوەێک خەڵک باوەڕ بە چاوی خۆیان ناکەن کاتێک کە دەبینن حەمەی بەر گاراج ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ دەستی زێدەتر لە ناو حکومەتدا دەڕوات و باری ئابوریشی زۆر باش بوە، دواتر دەردەکەوێت کەم ئەم برادەرە ئەو ئاسەوارانە بە بێ تەسلیم کردنەوەیان بە شوێنی تایبەتی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و شتیتر، بۆ باندە مافیایەکەی کوڕە جەنایەتکارەکەی ڕەفسەنجانی دژە مرۆڤ دەبەن و ئەم باندەش ئەمانە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکەن و دەیفرۆشن، واتە حەمە بۆتە نوێنەری تام الاختیاری باندەکەی ڕەفسەنجانی لە بەشێکی کوردستانی ڕۆژهەلات!!

گوندی زێویەی ناوچەی فەیزوڵلا بەیگی ناسراو بە قەڵای زێویە تەنیا یەکێک لەم شوێنە تاڵانکراوانەن کە هەمو خەڵکی ناوچەکە شاهیدی ئەم تاڵانکاریانە بون و تاڵانچیانی بێ مروەت ئەم کارەیان بە کەرەستەی ماشێنی گەورە کردوە و خۆڵەکەیان بار کردوە و لەولاوەتر لە هێڵەکیان داوە، بۆ ئەوەی ئەم خۆفرۆشانە بەس بە دوا زێڕ و زیوەکانیەوە بون و شتەکەنیتریان پێویست نەبوە، هەر بۆیە بە دوا تاڵان کردن، هەمویان خاپور کردوە!

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

پێشتر، ئەو کاتانەی کە هێشتا تەماحی تاڵانکردنی کوردستان بە تەواوی سەقامگیر نەبوبو و هێشتا زێویە تاڵان نەکرابو، فیلمێک بە زمانی کوردی لەمەڕ زێویە دروست کراوە کە لە لایەن تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامی هەر بە کوردی بۆ کوردیان بڵاو کردوتەوە، مالوم نیە بۆ سەر لێ شێواندنی خەڵک چۆنیان باس لەم قەڵایە کردبێت و بۆ ون کردنی ڕێ و شوێنی مانەوە و نیشتەجێ بونی گەلی کورد چیان وتبێت، واتە هەر ئەوەی کە هەمیشە کردویانە و دەیکەن چ شتهایکی نادروستیان بە زمانی کوردی، دەرخوارد خەڵک دابێت!!

شایانی باسە کە قەڵای زێویە پێشتر لە کاتی دەسەڵاتی شادا وەک شوێنی مێژویی سەبت کراوە و ئەم قەڵایە کە ئەمڕۆ بە داخەوە هیچی نەماوە وەک شوێنی مێژویی لە ئیدارەی فەرهەنگ کە شاخەیێک بو لە ئیدارەی ئاموزێش و پەروەرش لە کاتی ڕیاسەتی ئاغای وەیسی لە واحیدی ئاساری باستانی سەبت کرابو! ئەو کات دایرەی پاراستنی ئاساری مێژویی و فەرهەنگی نەبو، بەس واحیدێک بە ناوی واحیدی ئاساری باستانی لە دایرەی فەرهەنگ داندرابو. ئاغای وەیسی دواتر مونتەقیل کرا یا ناردرا بۆ سنە و کرا بە مەسئولی نوێکردنەوەی مەدارس، کە ئێستا کوڕەکەی ڕێک لەو پۆستەدا خەریکی خزمەت بە کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

ئاغای سەدیقیانیش کەسێکە کە ناوی لەم تاڵانکردنانەدا هەیە و دەگێڕنەوە کە بەشێکی ئەم ئاسەوارە مێژوییانەش بە دەست ئاغای سەدیقیانی کە خۆی کۆنە موسایییە، بە موسایەکان فرۆشراون. ئاغای سەدیقیانی بەزازیشی دەکرد. ئێستاکە هەمو کوڕەکانی لە تاران خەریکی کار و باری پڕ لە داهاتن و گۆیا دەستیان دەڕوات!!

تاڵان کردنی کوردستان بەس بە ئاسەوارە مێژویەکانی نابڕێتەوە بەڵکو کانگاکانیشی و سەروەت و سامانەکەشی هەر دەبەن و لێی خۆش نابن. یەکێک لەو شوێنانەیتری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناو هەزاران شوێن، دەور و بەری شاری قوروەیە. بۆ نمونە شاری قوروە کە ئێستا خەڵکەکەی بە شیعە کراون و لە جۆگرافی ئێران کراون بە شارێکی سەر بە ئوستانی هەمەدان دەردەکەوێت کە لەخۆوە ئەم ئاڵ و گۆڕانەیان تێدا پێک نەهێناوە، بەڵکو لەمەڕ بونی کانگای بەردی نایابی ئەوێیە. قوروە یەکێک لەو شارە هەرە گرنگانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بەردی مەڕمەڕی سەوز و ڕەش و فیروزەیی یا خۆ پیرۆزە و چەند بەردی نایابیتری هەیە! ئەم بەردە بە ناو بانگە جیهانیانە هەر ئێستاکە و ڕۆژانە بە میلیون کیلۆ و تۆنیانیان هەر بە شێوەی بەرد یا بە کاڵی لێ بار دەکرێن و لە سەدا نەوەدی لە کارخانەکانی ئیتالیا بۆ کار لەسەر کردن بە ناوی بەردی ئێرانی و پێرزیەن ستۆن!! دەفرۆشرێن و لەوێوە بۆ هەمو جیهان دەنێردرێن، دیارە بە ناوی پێرزیەن ستۆن!! ئەم بەردانە لە نەوعی خۆیاندا بێ وێنەن و کۆماری ئیسلامی و دەست و پەیوەندەکانی سەر بە دەسەڵات بە میلیون و تەنانەت میلیارد دۆلار دەسمایەی ئەم بەردانە دەدزن و دەی کەنەوە بە چەک لە دژی کورد! ئەمە ئەخلاق و ئینسافە؟

پێش شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران کابرایێکی دەوڵەمەندی ئیسفەهانی!! ناسراو بە ئەرباب قەنبەری ئیسفەهانی کەس نازانێت لە چ ڕێگایێکەوە، خۆی کردبو بە خاوەنی تەواوی ئەم مەعدەنانە. بەڵام ئێستا بەس باندە مافیایەکانی ناو کۆماری ئیسلامی تاڵانی دەکەن! کە لەمانە دەتوانین بۆ نمونە قاتڵی لاوانی کوردستان محەمەد ڕەزا ڕەحیمی ئۆستانداری پێشوی سنە کە ئێستا رەئیسی دیوانی موحاسیباتی هەمو ئێرانە ناو لێ بەرین، دیارە دەشکوترێت کە ئێستا هەموی لە ژێر دەستی ئەم زۆڵە کوردەدایە کە باوکی قوروەیی و دایکی خەڵکی مەریوانە!!

شوێنی ئەم کانگایانە لە دەروازەی شاری قوروە کاتێک کە لە جادەی سنەوە بۆی دەچێت دیارە و پێم وابێت گوندەکانی حەسەن ئاوا و کازم ئاوا لەو شوێنەن. ئەی پرسیار ئەمەیە کە لە دەسمایەی ئەم بەردانە چی بە

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

خەڵکی کورد بە گشتی و خەڵک و شاری قوروە بە تایبەتی دەگات؟ ئەوەی بە گشت خەڵکی کوردستان دەگات، بۆمب و فیشەک و سەرکوتی خوێناویە و ئەوەی بە خەڵکی قوروە دەگات، ورە ورِی ماشینە گەورە بەردهەڵگر و بەرد هەڵکەن و دینامیتەکان و قورِی سەر جادەکان و هەروەها دوکەڵ و تەپو تۆزی ئەم کارانەیە و هیچیتر!!

برۆ سەیری ناو شاری قوروە کە بزانە بە نیوەی چارەکێکی گەرِەکێکی یەزد پێی گەیون؟ دیارە وڵام نەخەیرە! باشە بۆ؟ پیاو نازانێت لە کێ بپرسێت بۆ وا دەکەن ئەمانە؟

ئەگەر کورتەیێکتان لە سەر بنەماڵەی رِەحیمی قاتڵی لاوانی کوردستان بۆ باس بکەم، بەم شێوە جوانەی خوارەوەیە: باوکی رِەزا رِەحیمی ئوستانداری کۆن ناوی "مەشەدی کەلایی حاجی حەسەنی رِەحیمیە، واتە چوە بۆ مەشهەد بۆ زیارەت و چوە بۆ کەربەلا بۆ زیارەت و چوە بۆ حەج بۆ زیارەت و ناوی حەسەن رِەحیمیە! کە کۆن بەزاز بوە، چاک و خراپ بونەکەی نازانم. برا گەورەکەی رِەزا رِەحیمی واتە ئوستانداری ئوستانی نیوە ناقس کراوی کوردستان سەرهەنگی بازنشەستەی ئەرتەشە کە لە کاتی شەرِی 24 رۆژەی سنەدا لە ناو پادگانی سنە بوە و شاهید یا خۆ لەوانەشە فەرماندەری ئەم شەرِە دژی خەڵکی سنە بوبێ و ئێستاکەش هەر لە ناو دەسەڵاتدا دەستی باش دەرِوات و خۆی حیسابە. کورِ و کچەکانی ئەم کۆنە ئەفسەرە هەر ئێستاکە لە سنە <u>مەرکەزێکی دەرکردنی مەدارکی تەقەلوبی</u> و پوڵ کێشانەوەیان لە لاوانی کوردستان بە ناوی ناوەندی ئاموزیشی مودیریەت داناوە و بە پوڵ مەدرەکی تەحسیلی بە خەڵک دەدەن و چونکە دەستیشیان دەرِوات بە پوڵێکی زیاتر بۆی رِەسمی دەکەنەوە. ئەم منداڵانەی ئەفسەر رِەحیمی بە هەمویان بە شێوەی شیرکەتی و خسوسی مافیاخانەکەیان دەبەن بە رِێوە! مەدرەکێک بە پوڵ بکرِیت ئەبێ چی بێت، هەر بۆیە هەمو مەدرەکێکی ئێرانیەکان لە دەرەوەی وڵات گومانی تەزویریان لە سەرە، لە ئوروپا بە هێندێک لە ئێرانیاکانیان لە کاتی پەنابەری و خوێندن وتووە کە پێویست ناکات مەدرەکمان نیشان دەیت، چونکە ئێرانی دەتوانن مەدرەکی رِەئیس کۆماری هەمو وڵاتێکمان بە رِەسمی بۆ بێنن، هەر بۆیە ئیمتەحان بدە باشتر بۆمان دەردەکەوێت مەدرەکەکەت رِاستە یا نا رِاست و ساختەیە!!

بەڵێ وڵاتێکی وەک ئێران کە بەم شێوانە بە رِێوە دەچێت، چۆن کوردەکان دەتوانن لە دوارِۆژدا لەگەڵیان بژین؟ کورد دەیهەوێت و ساڵیانی ساڵە کە ئیسباتی کردوە کە ئاشتیخوازە، ئەی ئەوان چیان کردوە؟ کوشتار و تاڵان!! دیارە هەمومان ئەمانە دەزانین و هیچیان تۆمەتی نارِەوا نین و من هەرگیز حازر نابم تۆمەتێکی نارِەوا لە قەومێکی وەک فارس بدەم، بەڵام هەر وەک بۆخۆیان دەڵێن، "چیزی کە عیان است چە حاجت بە بیان است" هەر بۆیەش دۆستایەتی و پێکەوە ژیان بە یەک لایەن ناکرێت، دەبێت دو لایەنە و چەند لایەنە بێت، هەر لەمەرِ ئەم نمونانەی سەرەوە و هەزاران و میلیونان نمونەی خراپی تر دەبێ بڵێم کە نا بۆ فیدرِالیزم لە چوار چێوەی قەومی ئاشتی نەخوازی داگیرکەری پێشودا، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی کوردستان!!

24ی پوشپەرِی 2707

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com